## پرسەنامەی (ناوەندی ڕۆشنبیریی کوردی لە فینلەند) بۆ مەرگی ئازاد شەوقی

هەواڵی کۆچی دوایی هونەرمەندی شێوەکار (**ئازاد شەوقی**)، کە شەوی 9لەسەر 10 ی ئەم مانگە، لە شاری سلێمانی، بە نەخۆشی شێرپەنجە گیانی لەدەستدا، داخ و پەژارەیەکی زۆری خستە دڵی ڕۆشنبیران و هونەردۆستان و بە تایبەتیش ئەوانەی کە چاویان بە بینینی تابلۆ دڵگیرەکانی ئەم هونەرمەندە بەهرەدارە ڕاهاتبوو.

ئێمە وەك (ناوەندی ڕۆشنبیریی کوردی لە فینلەند) بە دڵێکی پڕ لە خەمەوە، سەرەخۆشی خۆمان بە کەسوکاری (**ئازاد شەوقی**) و گشت هونەردۆستان و عاشقانی شاکارە هونەرییەکانی ڕادەگەیەنین.

ئەگەرچی مەرگ، ئەم هونەرمەندەی لە کۆڕی هونەرمەندان و داهێنانی تابلۆی نوێ، بۆ یەکجاری دوورخستەوە، بەڵام مێژووی پڕ لە داهێنانی (**ئازاد شەوقی**) و عیشقی لەبن نەهاتووی جەماوەر، بۆ ئەو شاکارە هونەرییانەی بەجێی هێشتوون، هەمیشە ئازاد شەوقی لە ڕیزی پێشەوەی کۆڕی هونەردا بە نەمری دەهێڵێتەوە.

**ناوەندی ڕۆشنبیریی کوردی لە فینلەند**

15. 8. 2002